# دەقی وتاری کوردش کەمیونتی لە نەورۆزی ئەمساڵدا

خوشک و برایانی بەرێز،
جەژنی نەورۆز لە هەمووان پیرۆز بێت و هیوادارین هەموو ساڵێکتان هەر نەورۆز و شادی بێت.

ئەگەر چی ئێمە لە هەندەران بە جەستە دوورین لە ئازیزانمان ، دوورین لە بۆنی خۆشی نیرگز و رەشە رێحانەو میلاقە ، دوورین لە کولیلکە سووری بەهار و لە ئاگری نەورۆز ، بەلام بە گیان لە گەل هەموو کوردانی خاکی باپیرانمان و هەموو کوردانی جیهان بە پیر سەری سالی نوێ وە دەچین و لە خۆمان و لە ئەێوەش پیرۆز بێت

ئازیزانم ،
سەرەرای پلانی بەردەوامی دوژمنانی کورد بۆ لە ناو بردنی خەباتی رەوای میللەتەکەمان و بەکارهێنانی ئاگر و ئاسن بۆ قەلاچۆکردنمان ، میللەتی کورد ئێستاکە لە هەموو کات زیاتر لە مێژووی نوێ دا بەهێزترە و خەباتە رەواکەشی رۆژ بە دوای رۆژ لە سەرکەوتندایە لە هەموو بەشەکانی کوردستان .

ماوەیەک بەر لە ئێستا رژێمی بەعس لە ئێراقدا رووخا و سەرکردەکەشی ئێستا لە زیندان تالاوی زەلیلی دەنۆشێ و سەریشی کەوتۆتە ژێر پۆستالی سەربازە هەرزەکارە ئەمریکیەکان.

لە مانگی یەکی ئەم ساڵ، هەلبژاردن لە ئێراق بەرێوەچوو ولە ماوەیەکی زۆر کورتی داهاتووشدا حکوومەتێکی نوێ دروست دەکرێت.

بەشداری کردنی فرەوانی کوردەکانی عێراق لە هەلبژاردندا ، نەک هەر بریارێکی سیاسی سەرکەوتوو و سەرکەووتنێکی شکۆدار بوو بۆ کورد ، بەلکۆ بۆ هەموو دونیا و دۆست و دوژمنیشی روون کردەوە ، هەر کاتێک ئەگەری ئەوە هەبێت کە چارەسەری کێشەی میللەتەکەمان بە رێگەی ئاشتیانەو سندووقەکانی دەنگدانەوە بکرێت ، ئەوە میللەتی ئێمە نەک هەر بەشۆرو شەوقەوە بەشداری دەکات ، بەلکۆ پێشی وایە هەلبژاردن پرۆسیەکی شارستانییەو دەکرێت بۆ هەموو لایەک سوود مەند بێت.

بەشداری فرەوانی میللەتەکەمان لە هەلبژاردندا، هەر تەنها پەیامی ئاشتیخوازانەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی دووبارە نەکردەوە ، بەلکۆ دەستکەوتی سیاسی گرنگیشی بۆ نەتەوەی کورد لێ دەکەوێتەوەو لە حکوومەتی نۆێ عێراقدا کورد شوێن و پایەی سیاسی بەرزی دەبێت و بەشێک لە داخوازیەکانشی لە عێراق دابین دەکرێت. ئەو شوێن و پایگایەی کوردیش لە حکوومەتی نوێ عێراقدا بەدەستی دێنێت دەکرێ سوودی لێ وەربگیرێت و رێگا خۆشکەر بێت بۆ بەدیهێنانی داخوازیە دێرن و نەتەوەیەکانی خەلکی کوردستان.

بەرێزانم ،
لە بەشەکانی تری کوردستانی تورکیا و ئێران و سووریاش ، خەباتی میللەتەکەمان لە گەشەکردن دایە و دوژمنانیش لە بوحرانییێکی سیاسی قووڵدان کە زۆر زەحمەتە سەریان بە سلامەتی تیا دەربچێت.

لە کوردستانی ئێراندا، نارەزایەتی بەرووی جمهوری هاری ئیسلامی بەردەوامە و خەلکی ئەو دەڤەرە ڕۆژ نییە قارەمانیەتێک بە ڕووی ئەو ڕژێمە نەفرەت لێکراوە تۆمار نەکەن.

کوردانی تێکۆشەری ئێران لە مەلاس دان بۆ جمهوری ئیسلامی و لە هەموو دەرفەتێک کە دێتە پێش سوود وەردەگرن و تەنانەت هێندێ جاریش بیانوو دروست دەکەن بۆ ئەوەی برژێنە سەر شەقامەکان و پەیامی مەرگ بۆ سیستەمی سەرکووت کەرو نەژاد پەرستی جمهووری ئیسلامی ئێران دووپات بکەنەوە

بە هەمان شێوەش هاونەتەوەکانمان ، کوردانی شۆرشگێری کوردستانی سوریا ، لە گەل رژێمی فاشستی بەعسی سوری لە دەستەو یەخەدان ، ساڵی پار لە 12 مارس، لاوانی راپەریوو و خەباتکار لە قامشلی، عفرین، حەسەکەو زۆر شوێنی تر کارێکیان بە رژێمی بەعسی سوری کرد کە با دەواری شڕی نەکرد بێت . چەندین قارەمەنیەتی و نەبەردیی بێ وێنەیان نواند و کڵپەی ئەو راپەرینەش تا ئێستا هەر بەردەوامە.

لە کوردستانی تورکیاش ، پاش ئەوەی سالانێکی دوور و درێژ ، کەماڵستە فاشستەکان نکۆلیان لە بوونی کورد دەکرد و بە ناو هێنانی کورد و کوردستان تووشی هیستریا دەبوون ، ئەورۆ نەک هەر ناچار کراون کە ملْ بدەن بە بوونی کورد ، بەلکو رۆژانە خەلکی کورد لە کوردستانی تورکیا دەسکەوتی نوێ بە دەست دێنن و هەموو نیشانە سیاسەکانیش ئەو نیشان دەدەن کە هێندەی پێ ناچێت میللەتی کورد لە تورکیا زۆرێک لە داخوازیەکانی خۆیان بەسەر بەچکە فاشستەکانی تورکیا دەسەپێنن. ژمارەیەکیش لە کەمپانیە تورکەکان بە ماچکردنی دەست و پای کورد کونتراکی ئاودانکردنەوەی کوردستانیان پێ دەدرێت.

ئازیزان،
بەو هیوایەن لەو ساڵەدا ئامانج و ئارەزووکانتان بێتە دی .
هیوادارین ساڵێکی پر خۆشی و کامەرانی بێت بۆ هەمووان.

هیوادارین بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستان سەرکەوێ.

بە تایبەتی هیوای سەرکەوتن بۆ میللەتەکەمان دەخوازین لە عێراق کە ئێستا بۆتە جێگای ئومێد و هێوای هەموو بەشەکانی تری کوردستان.

بەو هیوایەشین کە میللەتانی عێراق غەیرە کورد، لەو ڕاستیە گەیشتبن کە بە بێ چارەی یەکجارەکی و بنەرەتی کێشەی کورد لە عێراق نەک تەنها میللەتی کورد بەلکۆ خۆشیان دوو چاری نەهامەتی دەبن .

ئومێدەوارین  حکومەتی نوێ عێراق بە رابردوو دا بچێتەوەو پەند و وانەی لێ فێربێت و بە تەمای ئەو یاریەش نەبێت کە لە رابردوو هەموو حکوومەتەکانی عێراق کردوویانە.

واتە لەو کاتانەی کە دەسەڵاتیان  تەواویان بەسەر هەموو عێراقدا نییە دەستی ئاشتیخوازانە بۆ کورد درێژ دەکەن و لە دواتردا شەر دژی میللەتی کورد بەرپا بکەن.

ئەو یاریە نەسەرکەوتووە نە سەر دەکەوێ
نە خێری بۆ غەیرە کورد بووە نە ئەو جارەش  خێری دەبێت.

ئومێدەوایشن کە رابەرانی کوردیش نەک هەر ووشیار بن بەرامبەر پلانی ناحەزان ، بەلکۆ هەر راستیەک هەبێت هەمووی بە بێ پێچ و پەنان بخەنە بەردەم میللەتی کورد ،

رابەرانی کورد  دەبێت لە بیر نەکەن ئەوان پەیامی میللەتێکیان لە کۆڵ کردووە کە هەزارەها قوربانی داوەو  و بەخۆێن مێژووی خۆی نووسیوە.

ئەوانیش  بەر پرسیارن بەرامبەر بە مێژوو و نەوەکانی تر.

ئەوانیش بەر پرسیارین لەوەی هەیەو نییە بە تەواوی بیخەنە بەردەم میللەتی کورد.

هیوای ئێوارەیەکی خۆش و شادتان بۆ دەخوازم،
هەر شاد و سەر کەوتووبن.

ئۆتاوە کوردیش کۆمیونیتی ،
March 27, 2005